# دزەکان کران بە زیندانی سیاسیی و کوژراوەکانیش بە شەهید

هیشام ئاکرەیی
akreyii@gmail.com

**هەرچەند هەوڵ دەدەم لە هەندێ شت ڕابکەم و واز لە قسەکردن و دوان بەسەر هەندێ کردەوەی چەوت بێنم، دەبینم ویژدانم دەستم دەگۆشێت و دێڕەکان وەک کانی دەکەونە سەر کاغەز. ئاخر ئەوەی خەباتی کردوە و لەسەر ئازادی کوردستانی لێدان و تەعزیبی سەددامی بینیوە ناتوانێت بێ دەنگ بێت. هەر وەک چۆن پێشمەرگەیەکی تەواو ناتوانێت لە گەڵ بەعسیەک ببێت بە دۆست و برابەچ.**

**هەر چەند هەوڵ دەدەم واز لە بیرکردنەوە لە ڕابووردوو بهێنم و ڕۆژانی تەنگانە و هەژاریی لە بیربکەم، دەبینم یادگاریەکان و تەمەنی گەنجاتی کە بە خۆشەویستی کوردستان و هەوڵدان بۆ ڕزگاری کوردستان بەسەرچوو، هانم دەدات ئەو ڕۆژانەی کە ماونیش لەو تەمەنە کورتە بۆ هەمان مەبەست و ئامانج تەرخان بکرێت و بەهەمان گوڕی کەنجایەتی دژایەتی هەر کردەیەکی چەوت بکەم.**

**هەرچەندە باوەڕیم بە دۆستایەتی نێوان مرۆڤەکاندا هەیە و هیچ کاتک لەسەر بنەمای مرۆڤ بوون مرۆڤەکانم دابەش نەکردوون و ئامادەبووم لە پێناو گەلەکەم و گەلانی تردا ببم بە پردێک بۆ ئەوەی کاروانی ڕزگاری تێبەڕبێت، بەڵام تاوانەش تاوانبار و قوربانی یەکسان بن، نەک تەنیا ئەوە بەڵکوو تاوانباران جێگای پیرۆزی قوربانیان بگرنەوە.**

**ڕاستە باسی لێبووردن و بەخشین دەکرێت. ڕاستە باسی مافپەروەری دەکرێت. ڕاستە باسی کای کۆن بەبادا مەکە دەکرێت. ڕاستە باسی خۆشەویستی نێوان مرۆچڤەکاندا دەکرێت، بەڵام نابێ جێگۆڕکی بە ناو و کارە پیرۆزەکان بکرێت.**

**هەر بۆیە و لەسەر ئەو بنەمایە: دەنگ بەرز دەکرێتەوە و کەسانی دڵسۆزی ئەو گەلە بەردەوام دەبن لەسەر بەرزکردنەوەی ئەو دەنگە.... ئاخر ئەوانە گەنجاتیی خۆمان لەسەر پشتگیری کردنی ڕاستی و حەق و دادپەروەری دانا، و ئەوەی گەنجاتی خۆی بکات بە قوربانی کوردستان و گەل ئامادە دەبێت پیریی و ناوتەمەنیش بکات بە قوربانی ئەو گەل و کوردستان و دادپەروەرییە. نەک بۆ دژایەتی کردن، بەڵکوو بۆ گوتنی ڕاستی و پشتگیری کردنی وشەی پیرۆز و کاری پێرۆز و ناوی پێرۆز.**

**ئەم یەکە قامچییەکانی سیخوڕەکان و ئیستخباراتی سەددامم پێم دەڵێن.. ئەم یەکە زیندانی و تەعزیبی سەدادمم پێ دەڵێن.. ئاخر حەقیانە ئەوەی زیندان و لێدانی و تەعزیبی سەددامی نەدیبێ نازانێت مانای چییە و چوونە.. ئاخر ئەوەی خەباتی نەکردبێت و ئەو قۆناغەی نەدیبێت کە خزم و دراوسێکان و برادەرەکان ناوێرن قسە لە گەڵ مرۆڤ بکەن و نەفرەتی خۆیان لێ دەکەن لەبەر ئەوەی خەباتگێر بووە و کورد پەروەر بووە و مرۆڤ دۆست بووە، ناشزانێت مانای زیندانی سیاسی و خەبات و شەهید چییە و قاتل، دز و ئەوانەی لەسەر شەرەف زیندانی کراون دەکاتە زیندانی سیاسی و ئەوانەی لە بەرەکانی شەڕی سەددامدا لە گەڵ ئێراندا و جاشەکوژراوەکانیش دەکاتە شەهید و هەمان ناوی شەهیدە سەربەرزەکان دەداتێ.**

**چوون زیندانییە سیاسیەکان و خەباتگێرانی کاتی تەنگانە و ڕاپەڕێن دەتوانن بێ دەنگ بن، کاتێک دەبینی دزەکان و بەعسیەکان و قاتلەکان و هەزاران لەو کەسانەی لەسەر کاری بێ ئەخلاقی زیندانی کراون دەکرێنە زیندانی سیاسی و پارچە زەوی و خانەنشینی دەیان دەنێ.. هەروەها ئەوانەی پێشمەرگەیان کوشتووە دەکەنە شەهید و عەرد و پارەیان دەدەنێ، و لە لای ترەوە دەیان زیندانی سیاسی و ئەوانەی خەباتیان کردوە و تەعزیبی سەددامیان بینیوە یان لە دەرەوەی وڵاتن و کەس هەر ناویشیان ناهێنێت یانیش لە کوردستانن**

و هەموو کارێک دەکەن جگە لە سیاسەت نەبێت، ئەویش بە هۆی  لەپشتگوێ خستنیان لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە...

ئاخر تاوانە زیندانیەکی سیاسی بڕواتە لای جەلادەکەی بۆ ئەوەی وەک زیندانی سیاسی ناونووس بکرێت. ئاخر تاوانە  ژنی شەهیدێک و ژنی کۆژاروێک ببنە دروستی یەکیتری و حکومەتی هەرێم یان هەر حزبێک بێت، هەمان خانووبەرە و پارە بیان داتە هەردووکیان.. ئاخر تاوانە بەعسیەک ببێتە وەزیر یان مودیر عام یان ئەفسەر و زیندانیانی سیاسیش بێ کار بن و کەس پرسیاریان پێ نەکات...

عەرەبەکان دەڵێن ئەوانەی شەرم دەکەن نەماوەن... منیش لێرەدا دەڵێم ئەوانەی خەباتگێران و قوربانیان لە لایەن  خودی دەسەڵاتەوە لەبیرکوراون.

لە کۆتاییدا دەڵێم تاوانە ناوی شەهیدێکی ڕاستەقینە و کۆژراوێک لە هەمان لیستەدا بێت. هەروەها تاوانە ناوی کەسانێک لەسەر دزی گیرابێت و زیندانیەکی سیاسی لەهەمان لیست دا بێت و لەوەش خراپتر ئەوە کە ئەو کۆژارو و دزانە خەلات دەکرێن و خەباتگێرانی ڕاستەقینە لەپا دەکرێن. هەر بۆیەش پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە لیستەکانیدا بچێت و ڕێکخراوەکانی پارتە دەسەڵاتدارەکان هەر یەکەو لە شاری خۆی ناوی ئەوانەی لە سەر کوردایەتی و سیاسەت زیندانی کراون بنووسێت. یان با کۆمیتەیەکی سەربەخۆ بۆ ئەو مەبەستە دروست بکرێت و با کۆمیتەی چاودێر بۆ کۆمیتەکانی ئێستا دروست بکرێن چونکە گەندەڵی خەریکە دەیان خوات.